پۆلیسی گەرمیان: کەسێک بە چەقۆ کوژرا

پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند، لە قەزای کفری کەسێک بە چەقۆ کوژرا و سێ کەسی دیکە بریندار بوون.

٭

عەلی جەمال قدوری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، رایگەیاند، شەوی رابردوو لە گەڕەکی ئیمام محەمەد لە قەزای کفری دوو گەنج کە برای یەکترن دەستنێژ سەر ماڵێک کە پێشتر کەش لێنوانیان هەبووە بە چەقۆ هێرش دەکەنەسەر ئەندامانی خێزانێکە لە ئەنجامدا کچێکی ئەوماڵە بەناوی (ئالا عەباس حەمید) لەدایکبووی 2004 گیانیلەدەستدا و دایک و باوک و برایێکی بریندار بوون.

٭

وتیشی، دوای چارەسەری پێویست لە نەخۆشخانەی شەهید هەژار لەکەلار دوو لەبریندارەکان بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کران.

٭

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، باسی لەوەشکرد، ئێستا پۆلیس لەسەر روداوەکە دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە و یەکێک لە تۆمەتباران دەستگیرکراوە و بەپێی مادەی 405 بەندکراوە، فەرمانی دەستگیرکردن بە تۆمەتباری دووەمیش دەرچووە.